Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.07.24 00:28:38 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# فیل و تەقلە

**حەمەسەعید حەسەن**

که ئیسلامییه توندڕۆکان هەوڵی تیرۆرکردنی بەرهەم ساڵحیان دا، جەلال تاڵەبانی بە جۆرێک شڵەژا، گوتی: ینک فیل بە تەقلە لێ دەدات. من لە نێو یەکێتیدا ژیاوم، ئەوسا ئەوانەی دەیانگوت: یەکێتی تەقلە بە فیل لێ دەدات، چەکدارانی ئاستنزمی سەر بەو لایەنە بوون؛ هەرگیز لە خوێندەوارێکی نێو یەکێتیم نەژنەوتووە، هانا بۆ ئەو گوتەیە ببات. هەنووکە ینک هێندە خراپ لێی قەوماوە، تەنانەت سکرتێرەکەشی نەک هەر دەست بە داوێنی ئەو دەربڕینە بازاڕییەوە دەگرێت، بەڵکوو دەمیشی تەتەڵە دەکات و یەکێتی لە بری ئەوەی تەقلە بە فیل لێ بدات، فیل بە تەقلە لێ دەدات!

کارمەندانی کوردسات دەیانتوانی پێش ئەوەی قسەکانی جەلال تاڵەبانی لێ بدەن، ئەو هەڵەیەی بۆ پینە بکەن و ڕێ نەدەن سکرتێرەکەیان ببێتە کەرەسەی تەنز. ئەگەر لە سۆنگەی ئەو هەڵە کوشندەیەوە هێشتا کەس نانبڕاو، یان وەک لە نێو یەکێتیدا باوە، ترۆ نەکراوە، ئەوا هەموو ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان باسی نادیموکراتیبوونی (ینک)یان کردووە، با بە توندی ڕەخنە لە خۆیان بگرن.

من دژی تیرۆرم بە هەموو شێوەکانییەوە و هەر لایەنێک پێی هەڵبسێ. تەقاندنەوەی تی ئێن تی لە باخێکی گشتیدا، ئەو پەڕی دڕندایەتی و ترسنۆکییە؛ وەلێ تیرۆرکردنی یەکێک لە هەرە دەستڕۆیشتووەکانی نێو حیزبی دەسەڵاتدار، لە نێوجەرگەی هەولێردا، تەنیا ڕەوتارێکی دڕندانەیە، ترسنۆکانە نییە. هەوڵی سەرنەکەوتووی تیرۆرکردنی بەرهەم ساڵحی سەرەکوەزیرانی کانتۆنی بن دەستی (ینک)یش کارێکی نامرۆڤانەیە، وەلێ ترسنۆکانە نییە. ئەوە ینک بوو لە ئەنجامی ئەو هەوڵەوە بە جۆرێک زەندەقی چوو، تەنانەت سکرتێرە قسەڕەوانە زارپاراوەکەشی، زمانی تەتەڵەی کرد.

2002. 07. 24